# هەواڵ و ڕووماڵی هەواڵ

## (چەند سەرنجێکی ڕۆژنامەوانی)

سەدیق سەعید ڕواندزی

## ناسنامەی کتێب

★ ناوی کتێب: هەواڵ و ڕووماڵی هەواڵ .

★ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی .

★ بابەت: ڕۆژنامەوانی .

★ بەرگ : هێرش مەغدید باشە .

★ نۆرەو ساڵی چاپ / یەکەم _ 2026 .

★ ژمارەی سپاردن (584 ) ساڵی 2026 پێدراوە .

★ چاپخانە : شوان _ شاری سۆران .

**پێشکەشە بە : هاوڕێ هەژار و گرووپی خوێنەرانی ڕواندز .**

وشەیەك:_

ئەم بلاٌوكراوەی بەردەستتان، كە لە شێوەی ناميلكەيەك دايە، سەرنجدانێكی خێرايە لە هەواڵ و ڕەگەزی هەواڵ و ڕووماڵكردنی لە نێوەندی كاری ڕۆژنامەوانیدا لە هەرێمی كوردستان. هەڵبەتە ئێمە ڕۆژنامەنووس نین، گەرچی بۆ سالاٌنێك سەرنووسەری گۆڤاری ڕواندز بووين و هەروەها لە ستافی چەند گۆڤار و بلاٌوكراوەيەكيش كارمان كردووە، بۆيە ئەوەی لێرەدا بەر باس دراوە، تێڕوانينێكی پيشەيی و زانستيیانەی كاری ڕۆژنامەوانی بە مانا پڕۆفيشناڵييەكەی نييە، بەڵكو هەڵوەستەكردنە لە ئاست هەندێك پرس و بابەتی ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەكردنيەتی. بەو پێيەی سێ لە سەر چواری ژيانی ئێمە هەمووی هەر خوێندنەوەی كتێبە، لەو ڕوانگەيەشەوە بە گرنگييەوە ئەو بابەت و كتێبانەی لە سەر كاری ڕۆژنامەوانين دەخوێنينەوە. بەداخەوە لە هەرێمی كوردستاندا، كايەی ڕۆژنامەنووسيش وەك

گەلێك بواری دیکەی فەرهەنگی و سیاسی و کارگێڕیی، پێویستی بە ڕەخنەکردن و بە پیشەییکردن و ڕاستکردنەوە هەیە، بە تایبەتیش ئەمڕۆ جیاوازییەك لە نێوان ڕۆژنامەنووس بە مانا پیشەیەکەی، هەروەها مایك بەدەست نەماوەتەوە. بێگومان تاکو کاری ڕۆژنامەوانیش وەك بوارێکی ڕۆشنبیریی و مەعریفی، بەرلە کاری پیشەییانە نەبینین، ناتوانین بەهاو شکۆیەك بۆ ڕۆژنامەنووس و کایەی ڕۆژنامەنووسی دابنێیین، کە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژگارێك زیاتر پێویستیمان بەو شکۆدانانە بۆ ڕۆژنامەنووس و کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە.

**سەدیق سەعید ڕواندزی**
2026/4/22
sadiqrwandze@gmail.com

# کێ ڕۆژنامەنووسە؟

بە پێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بێت، سەرووی پێنچ هەزار ڕۆژنامەنووس لەو هەرێمە بچووکەی ئێمە هەن. لەو ژمارەیەدا، چەندییان پرۆفیشنالانە بە ڕەچاوکردنی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی، هەبوونی پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیریی کار دەکەن، گەر لە مەحەکیان بدەین، ڕەنگە سەد ڕۆژنامەنووسێك بمێنێتەوە. بێگومان بە هۆی پێشکەوتنە ژیاریی و مرۆییەکانی سەردەم و هاتنە ئارای سۆسیال میدیا و دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زادەی پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەمن، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دۆخێك دروست بووە، کە هەرچی مایکێکی بە دەستەوە گرت، ئیدی پێی بگوترێت ڕۆژنامەنووس ! ئەم دۆخە وایکردووە بە هەزاران کەس، بێ هەبوونی هیچ پاشخانێکی زمانی و مەعریفی، بوێریی و خەسڵەتی کەسی و پیشەیی بێنە نێوەندەکە و

**به داخەوە بە ئاسانیش بکرێنە بە ناو ڕۆژنامەنووس. بواری ڕۆژنامەنووسی بەر لەوەی ڕووبەری ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان و شرۆڤە و ڕاپۆرتە هەواڵ و خستنە ڕووی کێشەکان بێت، هەڵگری شوناسێکی کولتووریی و مەعریفییە، ئەمەش ئەوە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەو بوارە دەخوازێت، کە لە هەموو ڕوویێکەوە توانایەکی گەورەی زمانەوانی و ڕۆشنبیرییەکی گشتییان هەبێت، بۆ ئەوەی لە سەرەتادا وەك ڕۆشنبیرێك و زمانزانێك دەربکەون، ئەوکات وەك ڕۆژنامەنووس، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، بە داخەوە بە پێچەوانەوەیە، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو فەزا ئازاد و کراوەیە هەیە کە بوونی هەیە، بە جۆرێك ئازادی کە دەبێ بە یاسا ڕێکبخرێت، تێکەڵ بە گەڕە لاوژێیی و بەڕەڵایی بووە، کە ئەمەش گەورەترین مەترسییە بە سەر ئازادی خۆیەوە. هەڵبەتە وەك ناو، ڕەنگە هەزاران بە ناو ڕۆژنامەنووس هەبن، بەڵام ڕۆژنامەنووس کارەکتەرێکە، کە پێویستە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەك بێت ئەوانیش:**

**یەکەم:_ دەبێ زمانێکی پوخت و پاراوی هەبێت و بە کەمترین وشە و دەربڕین، پەیامەکەی بگەیەنێت.**
**دووەم:_ دەبێ بوێر و ڕاشکاو، هاوکات سەربەخۆو بێ لایەن بێت و لە ژێر هەر جۆرە سازشێك و مەراییکردنێکی ماددییانە و کەسیانە، ئەو شوناسە گرنگەی خۆی لە دەست نەدات، وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسان هەر ڕۆژە بۆ پارەی زیاتر لە کەناڵێکن ، بێ ئەوەی بە بیریان دابێت کە ئەم پەت پەتێنە، چ زیانێك بە ناوبانگ و کەسیەتی کۆمەڵایەتی و پیشەیان دەگەیەنێت.**
**سێیەم:_ ڕۆژنامەنووس دەبێ ئینسکلۆپیدیایەك بێت لە ڕۆشنبیریی گشتی، بە تایبەتیش لە میانەی ڕاپۆرت و شرۆڤەی ڕۆژنامەوانی و وردەکاریی گەیاندن لە سەر هەر پرس و بابەتێکی سیاسی و نەتەوەیی و مێژوویی بێت.**
**چوارەم:_ دەبێ لە میانەی کارکردن، ڕەچاوی هەموو ئەو ئیتیکانە بکات، کە جەوهەری کاری ڕۆژنامەنووسی پێکدەهێنن.**

پێنجەم:_ دەبێ سەرکێشی و بزێوی، لە هونەری مامەڵکردن لەگەڵ ڕووداوە نەخوازراوەکان شارەزابێت. هیچ جوامێرییەك لەوە دانییە، ڕۆژنامەنووسێك کە هیچ لە هونەری شەڕ و بەرگریی نازانێت، بە پێش پێشمەرگەیەکی قارەمان بکەوێت و ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، چونکە ژیان لە پیشە مەزنتر و پێویستترە.

شەشەم :_ ڕۆژنامەنووس دەبێ کەسێك بێت، بە ئاسانی دەستبەرداری بەها بالأکانی مرۆیی و پیشەیی نەبێت و نابێ کەسێك بێت ڕووپامایی و سازش، پۆست و دەسکەوت، بەرژەوەندی تایبەتی لە پێشەوەی کارەکەی ببینێت. بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسان، لاف ئەوە لێ ئەدەن کە ئەوان بۆیە لە دەزگایەك دەڕۆن دەچنە دەزگایەکی دیکە، چونکە مەبەستیان خزمەتکردنی زیاتری بوارەکەیە، بەڵام شۆخییەکە لەوەدایە، هەر ئەوانە کاتێ لە دەزگاکەی خۆیان دەڕۆن، دەچنە ئەو کەنالأنەی زۆرترین مووچە و بودجەی بۆ کارمەندەکان تەرخان کردووە، کە ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا،

ناڕاستی گوتەکەی ئەوان دەردەخات، کە ئەمانە بە دوای بەرژەوەندی کەسییەوەن نەك خزمەتکردنی گشتی.

هەفتەم:_ ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر بە وردی بواری کارکردنانەی خۆی پۆلێن بکات و لەو سنوورە دیاریکراوە کار بکات، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و توانست و ڕۆشنبیریی گشتی ئەو یەکدەگرێتەوە. بۆ نموونە: ڕۆژنامەنووسێك کە لە هەموو ژیانیدا ڕۆمانێکی نەخوێندۆتەوە، نابێ دیمانەی ئەدەبی لەگەڵ ڕۆماننووسێك بکات ! کە شارەزایی لە بواری ئابووری و بۆرسەی دراو و بەرزیی و نزمی نرخ و بەهای دراوەکان نەبێت، نابێ لە سەر پرسی قەیرانی ئابووری و بازاڕی ئازاد و کایەی ئابووری دیمانە بکات. ئەمە لە نێو ئێمەدا بە پێچەوانەوەیە، ڕۆژنامەنووس هەیە نازانێت دوو پرسیار لە بارەی ئەو بوارەی کە گوایا دیمانەی لە بارەوە دەکات، بپرسێت و زانیاریی هەبێت، بێگومان ئەمەش دەرەنجامی تێکەڵکرنی ناپسپۆڕییانەی بوارەکەیە.

هەشتەم:_ ڕۆژنامەنووس دەبێ دڵنیا بێت لەوەی دەیڵێت و ڕووماڵی دەکات، بە تایبەتیش لە پەخشی

زیندیدا، کە بوارێکی بۆ مۆنتاژو بڕین و سڕینەوە تێدا نییە.

نۆیەم:_ ڕۆژنامەنووسی حزبی، کاتێ لە دەزگایەکی ئۆرگانیشدا کاردەکات، دەبێ ئەوەی لە بەرچاوبێت کە ئەو سەرەتا ڕۆژنامەنووسە دواتر حزبی، بۆیە دەبێت بە یەك مەودا لە نێوان  ڕووداوەکان، هەواڵ و کار و ڕووماڵەکان بووەستێت و نابێ ئایدیای سیاسییانەی خۆی تێکەڵ بە کاری پیشەییانەی بکات و ئیدی لە پەراوێزییەوە لایەنگیری بکات، چونکە ئەمە بەهاو بڕوای ڕۆژنامەنووسەکە لە نێو خەڵك و میدیادا ناهێڵێت. دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا، هەواڵ و ڕووماڵی دەرەوەی کاری حزبییانەیە. هەڵبەتە ئەستەمە ئەو هەموو تایبەتمەندییانە بەیەکەوە لە ڕۆژنامەنووسێکدا هەبن، بەڵام گەر پیشەییانە بڕوانینە کارەکە، دەبێ ڕۆژنامەنووس خەسڵەتی زۆر لەوە زیاتریشی هەبێت، کە ڕەنگە ئێمە پەیمان پێ نەبردبێت.

## هەواڵ چییە؟

بە هۆی گۆڕانکارییە خێراو دراماتیکییەکانی ژیان لە سایەی تەکنەلۆژیای سەردەم و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، ئیدی ئێمە لە ڕۆژگارێك دەژین، بەردەوام بەر هەواڵە جۆراوجۆرەکان دەکەوین، چونکە چەند ژیان پێشبکەوێت ، ئەوەندەش ئاڵۆزییەکان و ئاریشە و ڕووداوەکان ڕوودەدەن کە سەرچاوەن بۆ هەواڵ. لە سادەترین ناساندندا، هەواڵ ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە ڕوودەدەن. واتا هەواڵ ڕووداوە، گەر ڕووداوێك بە دیوی ئەرێنی یان نەرێنی ڕوونەدات، نابێتە هەواڵ و ڕوومالّ ناکرێت، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە هەر چییەك ڕووبدات، ئیدی بەهای هەواڵی هەیە و دەبێ بگەیەندرێت وەك ئەوەی لە نێو ئێمەدا باوە. بۆ نموونە: میدیا هەر دیارەکان هەواڵەکانیان پەیوەست دەکەن بە کارەکتەرێکی لەیبۆکی و بێ ئەتەکێت و بێ ڕەهەندی ڕۆشنبیریی وەك تیکتۆکچییەك، یان کچە مۆدیلێك، یان

مردنی دایکی بەرپرسێکی گەندەڵ، لە کاتێکدا ڕۆژانە بەدەیان کەس لەو هەرێمەدا دەمرن و کەسیش بە مردنەکەیان نازانێت، کەواتا بۆ ئەوەی ڕووداوێك یان هەواڵێك بەهای هەواڵی هەبێت، پێویستە دوو بنەمای سەرەکی تێدا بن ئەوانیش نوێیەتی و پەیوەستبوونیەتی بە ڕای گشتی خەڵکەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا. لێرەدا هەواڵ پۆلێن دەکرێت بۆ دوو جۆری بیانی و ناوخۆیی. لە میدیای هەر گەل و نەتەوەیەکدا، بێگومان دەبێ پێشینەیی بۆ هەواڵە ناوخۆیەکان بێت کە پەیوەندییان بە شەقام و ڕای گشتییەوە هەیە. لێرەدا دەکرێ نموونە بە هەواڵی مووچە بێنینەوە. لە ماوەی سیانزە ساڵی ڕابردوودا، هیچ هەواڵێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بگرە نەتەوەییش هێندەی مووچەی فەرمانبەران جێی بایەخ و لێدوان نەبووە ! هەڵبەتە، ڕەنگە هەڵە بێت ئێمە هەموو کێشەکانمان تەنها لەو کلاوەڕۆژنەیەوە ببینین، بەڵام ناتوانین لە ڕاستی لابدەین. گەر ماڵپەڕێك، هەواڵێك لە بارەی مووچە دابنێت، لە ماوەیەکی کورتی چەند خولەکیدا، دەیان

هەزار کەس دەیخوێننەوە، بەڵام پڕ بەهاترین و گرنگترین هەواڵی ئەدەبی و کولتووریی، سیاسی و پەروەردەیی دابنرێت، ژمارەی سەیرکەر و خوێنەرانی لە سەد کەسێك تێ ناپەڕێت. لێرەدا ئەوەی بەها بە هەواڵ دەدات، نە گەرموگوڕی هەواڵەکەیە، نە بایەخە جیهانی و هەرێمایەتیەکەیەتی، نە شتێکی نوێشە، بەڵکو تەنها و تەنها وابەستبوونیەتی بە خەڵکی، چونکە نزیکەی ملیۆن و نیوێك فەرمانبەر لە هەرێم هەن. ئەمە هەر تەنها ئەو پەیوەستبوونە گشتییە دەرناخات، بەڵکو لایەنێکی دیکەی ئەوەیە، کە بۆ میدیا بەگشتی، ڕەوشی ناوخۆ، هەواڵە ناوخۆییەکان گۆڕانکاریی و پێشهاتە نێو خۆیەکان دەبێ پێشینە بن، چونکە گەر کەسێك مەبەستی بێت هەواڵێك لە بارەی جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیا، کەمبۆدیاو تایلەند، شەری ناوخۆی سودان، شەرع و دەسەلاتە ئیسلامییە تیرۆرستییەکەی بزانێت، ئەوا کەناڵە جیهانییەکان دەکاتە سەرچاوەو بە تایبەتیش بۆ بژاردەکە، کە زۆرتر لە زمانێك دەزانن. بۆ فەرمانبەرێکی کورد، ئەوە گرنگ نییە چی لە مالیزیا و

**باشووری سودان ڕوودەدات، بەلاَم بە بایەخەوە سۆراغ و بەدواداچوون بۆ هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات، چونکە ئەوەیان پەیوەندی بەوەوە هەیە. هەڵبەتە بە هۆی زۆربوونی کەناڵەکان مینبەرو میدیاکان، هەزاران نێوەندی ڕووماڵی هەواڵ لە کوردستاندا، تا دێت بایەخی هەواڵ و شاشە نامێنێت. هەر بە نموونە گەر سەرنج لە کۆی ئەو بەرنامانە بدەین کە گوایا بە ناوی گوندناسی و دەرخستنی ژیانی کوردەواریی گوندنشینان لە تیڤییەکان پەخش دەکرێن، دەبینین گرنگترین و ئامادەییترین پرسیاری مایك بەدەستەکە ئەوەیە کە (شووکردنەکەت چۆن بوو، چەند ژنت هێناوە، ئارەزوو دەکەی بەو تەمەنەوە ژن بێنیت) گەر ئەم پرسیارە بێ ئەرزش و بێ بەها و بێ ناوەڕۆکانە لە بە ناو سەدان ڕۆژنامەنووس قەدەغە بکرێن، هەموویان بێ ئیش دەمێننەوە، چونکە هەگبەکەیان بۆ هەمووان دەردەکەوێت کەچی تێدایە ! من زۆرجار لە خۆم دەپرسم، گەر بە سالاَچووانی گوندەکان نەبان، ئەم بە ناو ڕۆژنامەنووسانە، چ**

پرسیارێکی دیکەیان دەکرد؟ مەبەستمان لێرەدا ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێت:_( کە زۆرهات قەواڵە بە تاڵە) ئەم زۆری و بۆریی و دەرکەوتنەی هەزاران مایك بەدەست، لە سەر هەژماریی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و خاوەن ئیتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی، دۆخێکی دروستکردووە کە بە داخەوە خەڵکی گاڵتەی بە کایەی ڕۆژنامەنووسی و هەواڵ بێت. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، کەناڵی کەرکووك هەبوو، ڕەنگە بارتەقای هەموو کەناڵەکانی ئێستا بینەری هەبووبێت. ئەم تاکە کەناڵە، گەرچی دروستکراوێکی ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام ڕووی ئەوەی هەبوو بێتە نێو ماڵەکان و هەمووان پێشوازی لێ بکەن. واتا تاکە کەناڵێك، بارتەقای ئەم هەموو کەناڵەی ئێستا دەبوو. لە یاسایی ئابووریشدا، کە نماییش زۆربوو، بەهاو نرخ دادەبەزن، دروست کایەی ڕۆژنامەنووسی لە نێو ئێمەدا وەهایە لە ئێستادا. بواری دووەم، گەرموگوڕی هەواڵە. هەندێك جار سەرنج لە ژێرنووسی هەواڵی تیڤییەکان یاخود ماڵپەڕەکان دەدەم، بە چل و هەشت کاتژمێر زیاتریش هەواڵەکە

دەمێنێتەوە و نوێ ناکرێتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە چەرخی خێرایی دەژین، بابەت و هەواڵی چەند خولەکێك لەمەوبەر، دەچنە پەراوێز و دەبنە ڕابردوو، ئەرشیف، ئیدی مانەوەی هەواڵێك بە نموونە بۆ ماوەی چل و هەشت کاتژمێر، لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە تاکە بێ کار و بێ بڕوانامەکانی سێ مۆبایلیان پێیە، لە ڕاستیدا نیشانەی تێنەگەیشتنە لە پێگەی هەواڵ لە میدیادا. هەواڵ پەیوەستە بەو شوێن و زەمەنەی تیایدا ڕوودەدات، لەدوای ئەمە، ئیدی بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. بۆیە دەبێ میدیاکان بەردەوام ئەبدەیتی هەواڵ و بابەتە هەواڵی و میدیایەکان بکەنەوە، نەك لە ماڵپەڕ و ژێرنووسی تیڤییەکان، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ هەواڵەکە لە بێ هەواڵی دابنێن. کەواتا پەیوەندی تاك بە میدیاو بە سەنتەرکردن و وابەستەبوونی بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەوەی کە ئەم میدیایە چەندە هەواڵی گەرماو گەرمی هەیە؟ چەندە زانیاریی تازە و نوێ لە بارەی هەر بابەتێکەوە بێت پەخش دەکات؟ خاڵی دووەم کە زۆر گرنگە و دەبێ لە پێشینەیی میدیاکانی ئێمە

بێت، ڕووداو و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی نێوخۆیی بێت. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە پلەی یەکەم و لە ڕێزبەندی پێگە و بایەخدارییی، ڕووداوە نێوخۆیەکان بۆ ئەوان گرنگە، دواتر بە پلەی دووەم چی لە جیهان ڕوودەدات. میدیای نێوخۆیی گەر پەخشەکەی لە ڕێگەی کەناڵێکی ئاسمانیشەوە بێت، ئەوا ڕووداوە نێوخۆییەکان دەبێ بکرێنە کاری لە پێشینە و پێویست، وەلێ بە داخەوە ئەوەی دەیبینین بە پێچەوانەوەیە، میدیاکانی ئێمە هەواڵ لە بارەی هونەرمەندێکی ڕاپی جیهانی کە وڵاتەکەشی نەك خۆی نازانێت کورد و کوردستان کێن و چین بڵاو دەکەنەوە، بەڵام لایەك لە هونەرمەندەکانی خۆمان کە لە خانەی بە ساڵاچووان دوا ڕۆژەکانی ژیانیان بەسەر دەبەن ناکەنەوە. بەردەوام باس لە یاریزانێکی ناوداری جیهانی دەکەن، بەڵام وەرزشوانێکی کۆن و دێرینی خۆیان ناناسن، کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو کایەی وەرزش بە سەر بردووە!  بێ ئەرزشترین و بێ ماناترین کاری هونەری و ئەدەبی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی

به داهێنان دەزانن، بەلاّم هەواڵێك لە بارەی کوڕە گەنجێکی کوردی بێ بڕوانامە کە کارەبا دروست دەکات، بلاّو ناکەنەوە. چەند مانگێك لەمەوبەر، یەکێك لە میانەی پیشانگایەکی هونەریدا، مۆزێکی بە تیپپێکەوە وەك بە ناو تابلۆیەکی هونەری بەسترّاو بە دیوارێکەوە نماییش کرد. نرخی ئەم مۆزە گەیشتە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار! تۆ سەیری ئەو دنیا پووچ و بێ مانەیە کە زادەی سیستەمی سەرمایەدارییە بکە، کە جۆرە بە ناو ئەدەب و هونەرێك دێنێتە ئاراوە، کە هەرچی ڕامان و بیرکردنەوە وچێژی قووڵی ڕوحی ئەدەبی و هونەرییە لات ناهێڵێت ! یاخود ئەوەی تریان پێڵاوەکەی دەکاتە تابلۆ. لە ڕاستیدا، ئەم کارانە نەك شیاوی ئەوە نین بکرێنە هەواڵ و بلاّو بکرێنەوە، بەڵکو دەبێ مرۆڤ قێز لە خوێنەوەو گوێبیست بوونیشیان بکاتەوە. مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە هەر کارێك و هەواڵێك و ڕووداوێك، بەهای هەواڵی نییە و دەبێ میدیاکان بە گشتی و ڕێکخەری هەواڵیش لەو دەزگایانە، زۆر بە وردی لە ماهییەتی هەواڵ بگەن و پێگە و کار و پەیام و

گوتاری خۆیان، کات و ماندووەتی خۆیان، لە هەموو ڕوویێکەوە بە شتێکەوە نەکوژن کە دەزانن بێ بەهایە. ئەم بەرپرسیاریەتە، زۆرتر ڕووبەڕووی ڕۆژنامەوانان دەبێتەوە کاتێ ڕادەسپێردرێن بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕووماڵی هەواڵ. دەبێ بزانن بایەخی هەواڵ لە چی دایە؟ چی دەبێتە هەواڵ و چیش شایەنی ئەوە نییە زوومی بخرێتە سەر؟ بەڵام بە داخەوە وەك وتمان بە هۆی زۆربوونی هەزاران مایك بەدەست لە کوردستاندا، ئیدی هەواڵ ئەو بەهایەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نەماوە و هەموو شتێك دەکرێتە هەواڵ. جارێکیان، ئەو کەناڵەی گوایا خۆی پێ یەکەمی بێ ڕکابەرە، لە هەواڵێکدا باسی ئەوەی کردبوو، کە گەنجێکی کورد داهێنانێکی کردووە، چونکە چەقۆ لە ئاسن دروست دەکات ؟! مەگەر چەقۆ هەر لە ئاسن دروست ناکرێت؟ وێڕای ئەمەش من باپیرەیەکم هەبوو، یەك وشە خوێندەواری نەبوو، کەچی شەست ساڵ لەمەو بەر ئەو کارەی دەکردوو هەتا مردیش نەك چەقۆ، بەڵکو داس و تەمشی و کارتیخ و مقەس و مشار و چەندان شتی

دیکەی دروست دەکرد ، کە بۆ ساتی خۆی پێویستی و کەرستەی گرنگی کارکردن بوونە، ئیدی نازانم کامەیە داهێنانە نوێیەکە؟! بێگومان لەلایەکەوە بەهۆی زۆربوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەزاران بەناو ڕۆژنامەنووس، ئیدی بەمەبەستی بەردەوامی و کارکردن، هەر چۆنێك بێت دەبێ زانیاریی و هەواڵێك دەست بخەن، بۆ ئەوەی گوایا بە ناوی هەواڵەوە بڵاویبکەنەوە. بۆیە ئەوانەی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە، بە ئیتیك و شارەزامەندن، ئەوانەشی کە خولیایەکی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە ڕۆژنامەوان، دەبێ شارەزا بن لەوەی کە هەموو ڕووداوێك و کارێك شیاوی ئەوە نییە بکرێتە هەواڵ و هەواڵی میدیایی جیایە لەوەی هەر شتێك ببینرێت و ڕووبدات و بکرێت، ئیدی بکرێتە هەواڵ، بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ بە هۆی زۆربوونی دەزگای ڕاگەیاندن و مینبەرەکانی سۆسیال میدیا و دنیای شاشە، ئیدی هەموو جۆرە ڕووداوێك بە هەواڵ پەخش دەکرێت ، بێ ئەوەی سادەترین بنەمای ڕەگەزی هەواڵی تێدا بێت !

## زمانی داڕشتنی هەواڵ

بە گشتی لە میدیاکانی ئێمەدا، جیاوازی لە نێوان زمانی داڕشتنی هەواڵ لە هەر سێ جۆرەکەی گەیاندن، بە خوێنراو، بیستراو و بینراو ناکرێت، بەو مانایەی هەواڵێك کە لە ڕادیۆیەك پەخش دەکرێت و دەخوێنرێتەوە، کە تەنها هەستی گوێگرتن لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەم هەواڵە، جیاوازی هەیە لەگەڵ هەواڵێك کە دەبینرێت، یان دەبینرێت و گوێبیستی دەبین، بەڵکو هەر تەنها بە یەك شێواز و گوتار، مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و گەیاندن دەکەن. هەڵبەتە لەو هەواڵانەی کە لە شاشەوە پەخش دەکرێن، بینین دەبێتە سەنتەر، بۆیە زمان و گەیاندن دەبێ کورت و پوخت، گەیێنەر، سادەو ڕوون بێت، چونکە بینەرانی زووم و شاشە، هەمەچەشن و جۆراو جۆرن و لەوەدا ئاستی هوشیاریی و و هزری ڕەچاو ناکرێت، ئەمە بەو مانایە نا کە زمانی میدیا، کە بەشێکە لە زمانی فەرهەنگ و کولتوور هێندە سادە و میللی ببێتەوە کە جیاوازییەکی

ئەوتۆی لەگەڵ زمانی شەقام نەبێت، بەڵکو بەو مانایەی زمانێکی گەیێنەرانە بێت و ئەوەی دەیبینێت، بزانێ باسی چی دەکات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، لە شاشەدا وێنەو جووڵە و هەڵسوکەوت و زمانی جەستە زاڵە، بەمەش نیگاکردن و بینین دەکەوێتە سەر زمانی ئاماژە و وێنەکان کە پیشان دەدرێن، لەوەشدا بینین زاڵ دەبێت بەسەر بیستن، لێرەوەش دەبێ وێنەکە زەق بکرێتەوەو ئەوەشی وەك ڕوونکردنەوە لە پەراوێزی وێنەکە دەخرێتە ڕوو، دەبێ کورت و پوخت بێت. لە میدیای بیستراودا، چونکە بینین نییە، دەشێ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی هەواڵ درێژتر بێت و مەودایەکی فراوانتری پێ بدرێت، چونکە بیسەر تەنها بە یەك هەست مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکە دەکات کە ئەویش بیستنە. لە خوێنراویشدا، بە هەمان شێوە خوێنەر کۆبیری دەخاتە سەر خوێندنەوە، بەڵام بەشێکی زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، ئەم وردەکارییانە لە بەرچاو ناگرن و بەیەك شێوە و ئاست هەواڵ و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی ڕوومالّ دەکەن.

به داخەوە بەشێك لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، بە بێ لە بەرچاوگرتنی هیچ بنەمایەكی واتایی و زمانەوانی هەواڵ دادەڕێژن، بە بێ ئەوەی زانیاریی وردیان لە ڕووی ناوەڕۆكی هەواڵەكە و پەیوەندی هەواڵ بە ڕووداو، یان ژینگەی كۆمەڵایەتییەوە هەبێت. میدیاكانی ئێمە، زۆرجار هەڵەی هێندە زەق و نابابەتی و زمانەوانی دەكەن، كە ڕەنگە لە ڕووبەرە كۆمەڵایەتیەكەدا و لە نێو پەیوەندی میللی و جەماوەریدا، ئەم جۆرە هەڵانە نەكرێن. بۆ نموونە: دەیان جار گوێبیستی ئەوە بوومە كە ڕۆژنامەنووسێك لە میانەی ڕووماڵی خنكانی هاووڵاتییەكدا، گوتوویەتی:( خۆشبەختانە تەرمی ناوبراو دۆزرایەوە !) ئەم ڕۆژنامەنووسە، بە تێگەیشتنی خۆی بۆیە خۆشحاڵی دەردەبڕێت، چونكە دواجار تەرمەكە دۆزراوەتەوە، واتا ئەوەی لێرەدا بە خەیاڵی دادێت تەرمەكەیە، نەك ئەوەی مرۆڤێك لەو نێوەندەدا بە داخەوە مردووە و مردنیش ڕووداوێكە پێویستی بە هاوسۆزیی مرۆیی،

دڵتەنگی و هاوبەشی خەم و نیگەرانییەوە هەیە و نابێ مردنی خەڵکی ببێتە جێی دڵخۆشی مرۆڤ ! یاخود دەنووسن:( تەرمی ناوبراو بە مردوویی دۆزرایەوە) تەرم خۆی ئاماژەی ئەوەیە کە مردووە، یەکێك بمرێت، هەردەبێ تەرمەکەی بە بێ گیان مابێت، مەگەر کەسی زیندوو تەرمەکەی بە زیندووی لەوێ دەکەوێت؟! یاخود دەپرسن: (چۆن مامەڵە لە گەڵ گەرما دەکەی؟) ئەوانە وا دەزانن گەرما کالأیە تا سەودا و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لە ڕاستیدا گەرما شتێکی بەرجەستەیی نییە تا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ! مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ گەرما ناکات، بەڵکو خۆی لێ دەپارێزی. ئێمە بە شێوەیەکی نا بەرجەستەیی بەرگەرما دەکەوین و هەستی پێ دەکەین، بۆیە دەبێ بپرسین چۆن خۆت لە گەرما دەپارێزی؟ مەگەر لە زستانیش ئەو پرسیارە ناکرێت چۆن خۆت لە سەرما دەپارێزی؟ تا ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، شوناسی کۆمەڵایەتی و پیشەیی چین و توێژەکان لە یەکتری جیا ناکەنەوە، دەنووسن:( چینی قوتابی، چینی مامۆستا، چینی ئافرەتان، چینی

**پارێزەران و پزیشکان) لە کاتێکدا لە بنەڕەتەوە کۆمەڵگە دوو چینی هەیە ئەوانیش (چینی پرۆلیتار و چینی سەرمایەدارن)  و ئەوانی تر هەموویان توێژن، بۆیە دەبێ بگوترێ توێژی لاوان، قوتابیان، مامۆستایان، پزیشکان. یان دەنووسن:(100دۆلاربەرانبەرئەوەندە دینارە)  بەرانبەر چ مانایەکی لەو ڕستەیە هەیە ؟ چۆن سەد دۆلار بەرانبەر ئەوەندە دینارەیە؟ ئایا هەردووکیان بەرانبەر یەکتری ڕادەگرین؟ بەراوردیان دەکەین؟ کێشی قەبارە و پێوانەیان دەکەین؟ بێگومان دراو بەهای هەیە، بۆیە دەبێ بنووسن: (بەهای سەدی دۆلاری ئەمریکی یەکسانە بە سەد هەزاردیناری عێراقی) چونکە پارە، نرخی کاڵاکان دیاری دەکات و خۆی نرخی نییە، بەڵکو بەهای ماددی هەیە . بەشێکی زۆر لە میدیاکان، تا ئێستاش پلەی سەربازی ئەفسەران لە یەکتری دەرناکەن. پلەی ئەفسەرەکە لیوایە، دەنووسن عەمید، عەمیدە دەنووسن عەقید، فەریقە دەنووسن فەریقی یەکەم ! سەیر لەوەدایە ئەم هەڵانە گەلێك جار لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەکرێن، کە پەخشیان بۆ ملیۆنان مرۆڤی**

دەرەوە دەڕوات ! کە ئەمەش لە ڕووی میدیا و زمانی کوردی بە گشتی خەوشێکی گەورەیە. ئەگەر نموونەی تر بێنمەوە، ئەوەندەن ڕەنگە بە وتارێك تەواو نەبن. بە داخەوە کارکردن لە ڕاگەیاندنەکان و پیشەی ڕۆژنامەنووسی بووە بە دیاردە. لە کاتێکدا دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەنسکلۆپیدیا بێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ئەو هەڵانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون. دەبێ ئەوەندە پاشخانێکی ڕۆشنبیری گەورەی هەبێت، کاتێ سەرنجی پلەی سەربازی ئەفسەرێك دەدات، بزانێت پلەکەی چییە؟ دەبێ نرخ و بەها لە یەکتری جیا بکاتەوە ! بزانێت مامۆستا توێژە نەك چین ! ئەمەش ئەرکی دەزگا ڕاگەیاندنەکانە، کە کەسانێکی ڕۆشنبیر، زمانزان، پڕ زانیاریی لە میدیاکاندا بکەنە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووماڵی هەواڵێك نەکەونە هەڵەوە یان بای ئەوە ڕۆشنبیریی گشتیان هەبێت، بزانن هەواڵ و زمانی هەواڵ چۆن دەگەیەنرێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، گرنگە دەزگا ڕاگەیاندنەکان زمانزانێکیان هەبێت و وەك

فلتەری زمان و دارِشتن هەواڵ و نووسینەکان هەڵبسەنگێنێت و لە ڕووی واتاییەوە لێکدانەوە بۆ دارِشتنی ڕستە و دەربرِینەکان بکات، بەو مانایەی هەر تەنها شێوەی زمانیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەلاوە جێی مەبەست نەبێت، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی چۆن ئاراستە دەکرێت ئەوەیان گرنگە چونکە ئەوەی ڕەهەندێك بە زمان دەدات دیوە واتایەکەیە. ڕاستە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا ڕووماڵکردنی دەستبەجێیانەی کارەکەو ڕووداوەکە گرنگە، بەڵام زمان لە هەمووبارێکدا، تەنانەت لە کەمترین ماوەو دەرفەتیشدا، هەر پێویستی بە ڕێکخستنی هونەرییانەو واتایانە هەیە، چونکە بواری ڕۆژنامەنووسی دەچێتە خانەی گەیاندن و بڵاوکردنەوەوە. بڵاوکردنەوەی هەر بابەت و هەواڵ و زانیارییەکیش، پەیامی هوشیاربوونەوە، ڕۆشنبیری و گەیاندنی تێدایە، کەواتا ناڕاستەوخۆ کاری ڕۆژنامەوانی، پەیوەندی بە بەکولتووریکردنی خوێندنەوەوە هەیە.

## چەند نموونەیەك لە نا هەواڵبوونی ڕووماڵی هەواڵ !

یەکەم:

گۆڕانکارییە خێراکانی کەش و هەوا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، چونکە بە نموونە بێ ئۆکسجین ژیان نابێت، بۆتە جێگەی بایەخ پێدانێکی گەورەی میدیایی لە ئاستی جیهاندا. لەو ڕوانگەیەوە گواستنەوەی هەواڵەکانی کەش و هەوا، ئەڵقەیەکی سەرەکییە لە زنجیرەی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە ئێمە لە میدیاکانەوە گوێ بیستیان دەبین. لەو ڕوانگەیەوە لە هەرێمی کوردستانیشدا، بایەخدان بەو هەواڵانەی پەیوەندییان بەکەش و هەواوە هەیە بە تایبەتیش لە وەرزی زستان، بووەتە کارێکی سەرەکی لە ستراتیژی کاری ڕاگەیاندن و هاووڵاتییانیش، بەڵام گەر لە ڕووی ئیتیکی و پرۆفیشناڵییەوە بڕوانینە ئەو ڕووماڵانەی تایبەت بە کەش و هەواو شەپۆڵەکانی بەرلە هاتنیان دەکرێن، ئەوکات تێ دەگەین کە ڕووماڵی

ئەم هەواڵانە، لای ئێمە چەندە دوورن لە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی. سەرەتا دە ڕۆژ بەر لە هاتنی شەپۆلەکە خەڵکی دەتۆقێنن، کە شەپۆلەکە گەیشت بەردەوام دەبن لە ڕووماڵی، کە کۆتاییش هات، هەفتەیەکی تر پێیەوە سەرقاڵ دەبن، چونکە هەواڵی تریان نییە ! هەواڵەکانی کەش و هەوا، دیارترین ئەو هەواڵانەن، کە لە هەرێمی کوردستاندا خەڵکی گاڵتەیان پێ دێت، چونکە وێرای ئەوەی پێشبینییەکان زۆرجار لە سەدا نەوەد وەکو خۆیان دەرناچن، هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە لە بنەڕەتدا هەواڵەکە مایەی ترس و تۆقین و پەرچەکردارێکی دەروونی گەورەیە بۆ هاووڵاتیان. شێوازی ڕووماڵکردنەکە، بە تایبەتیش لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی باران باریندا، دەبێتە فۆبیا و تۆقین بۆ خەڵکی، چونکە لە بری ئەوەی جەخت لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە بکەنەوە، بە پێچەوانەوە لێ کەوتەکانی کە هێشتا دەرنەکەوتوون، دەکەنە چەقی گەیاندنەکە، بەمەش مرۆڤ دەخەنە حاڵەتێکی دەروونی پڕ لە ترس و دوودڵی و نیگەرانی، کە ئەمە نەك هەر هەڵەیە،

بەڵکو زۆر نامیدیایانەشە. ئەرکی ڕاگەیاندنە بە مەبەستی هوشیاریی وخۆپارێزیی، گوتارێکی ئاگایانە بگەیەنێت، بەلاَم ئەم گەیاندنە، بە میکانزمێکی تەژی لە ترس و تۆقین ناکرێت، بەڵکو بە هێورکردنەوەی دەروونی، خستنەڕووی شێوازی خۆپارێزیی، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە سرووشتی و مرۆییەکاندا، لە سەروبەندی ڕوودانیان دەکرێت. لێرەدا بۆ ئەوەی بێ ئیتیکی و ناپرۆفیشناڵی بەشێکی زۆری میدیای کوردی لە بارەی هەواڵەکانی کەش و هەواوە دەربخەین، نموونە لەو ڕووداوە سرووشتیانە دێنینەوە، کە لە وڵاتان ڕوودەدەن. لە ژاپۆن، ساڵانە دە هەزار جار بۆمەلەرزەی بچووك و گەورە، بە پێوەری جیاوازی ڕێختەر ڕوودەدەن ! ژاپۆن بیری لەوەکردۆتەوە کە چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیاردە پڕ مەترسییە سرووشتییە ببێتەوە، بۆیە بیر لە بونیادنانی باڵەخانەکان لە سەر شێوەی (خلۆر _ بۆربەرین) بکاتەوە ! واتا باڵەخانەکان بتوانن بەرگەی لاربوونەوە، هاتوچۆولەرزینەوە بگرن. ژاپۆن، وڵاتێکە خۆی لە سەر هێڵی بومەلەرزەیە. لەم وڵاتەدا، ڕۆژانە

داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژیی و ژیاریی نوێتر و نوێتر دەکرێن، پرسیار ئەوەیە، ئایا هیچ داهێنانێك لە نێو فەزایەکی پڕ لە ترس دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، بومەلەرزە لای ئەوان بۆتە ڕووداوێکی سرووشتی زۆر ئاسایی و وەك هەر هەواڵێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، چونکە گەلێکی هوشیاروپێشکەوتوون. کەچی لای خۆمان بە هەر شەش مانگەکەی پاییز و زستان، سات وایە دوو تا چوار شەپۆلی بەهێزو مامناوەندی بارانبارین دێن، بەلاَم گوێچکەمان وڕو کاس دەکەن ئەوەندەی باسی هاتن و لافاو و تەرزە و باران و با بکرێت ! لای ئێمە، چونکە زۆربەی کایەکانی ژیان زانستییانە و پیشەییانە بەڕێوەنابرێن، ئیدی لێ کەوتەکانیان زۆر نا پیشەیی و نا زانستییانە دەکەونەوە. لە هەموو ولاَتانی دنیادا، پێشبینییەکانی کەشناسی ئەرکی کەسێك نییە، گەر زۆر شارەزایی لە کەشناسیش هەبێت، بەڵکو ئەرکی نێوەندە فیزیکی و گەردوونناسییەکانە کە بە شێوەیەکی زانستییانە و هونەرییانە باری کەش ڕابگەیەنن. لای ئێمە

پێچەوانەیە، کەسێکی خانەنشین بە شێخی کەش و هەوا ناو دەبەن، کە خێزانەکەی خۆشی گومانی لەوە هەیە کە دەیلێت، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چۆن کارەکان لای ئێمە بەکەس دەکرێن و لە چوارچێوەی زانستی و پیشەییانەی خۆیان دەردەهێنرێن. لێرەوەش ڕووماڵی هەواڵەکانی کەش و هەوا لەلای ئێمە لە لایەکەوە وێرای ئەوەی زۆر نائیتیکی و ناپرۆفیشناڵانە ڕووماڵ دەکرێن، هاوکات دەبنە مایەی ترس و تۆقاندنی خەڵکیش. بە مەرجێك ڕووداوە سرووشتییەکانی لای ئێمە، بەراورد بە وڵاتان هەر هیچ نین، کاتێکیش لافاوێك دروست دەبێت، ئەوا یان ڕێڕەوی ئاو لەلایەن بەرپرس و خاوەن کۆمپیانیاکان کراوە بە پرۆژە، یاخود پلانی ڕووبەڕووبوونەوەمان نییە، وەك خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و گڵدانەوەی ئاو، کە بۆ مێژوو بە ویژدانەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە سەرۆکی کابینەی نۆیەم، لەم ڕووەوە سەرکەوتووبوو، بە نموونە لەکەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو لە شارێکی جەنجاڵی وەك هەولێردا.

نموونەی دووەم:

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەدرێژایی مێژوو، بە هەموو قۆناغەکانەوە تا سەردەمی ئێستا و بە ناو کرانەوەو تەکنەلۆژیاوە نەبێت، زمانی دەربڕین دابڕاو نەبووە لە ئاکار و ئادابی گشتی. بە نموونە گەر باسی ئەندامی زاوزێیان بکردایە، ئەوا دەیانگوت هەرامە، عەورەت، هین، واتا هەرگیز نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ ناوی ئەندامەکە بێنن، چونکە دەیانزانی زمان دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ئادابە گشتییە دەرنەچێت، بەڵام بە هۆی بە ناو پێشکەوتنە ژیاریی و زانستی و تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، بە جۆرێك زمان بێ بەها بووە، کە دەتوانیت چۆنت بوویت وەها گوزارشتی لێ بکەی. بێگومان مینبەرە بە ناو ئازادەکانی سۆسیال میدیا، ڕۆڵێکی خراپیان لەم ڕووەوە بینیوە و دەبینن، چونکە جوێن و زمانی زبریان کردە بەشێك لە کولتووری کۆمەڵایەتییانەی ژیان. دیارە ماوەیەك لە

مەوبەر، ژنێك ئەندامی نێرینەی پیاوەكەی لە شارێكی كوردستان بڕی ! ئەم هەواڵە بە جۆرێك بووە جێگەی ڕووماڵكردن، وامزانی كورد ئەتۆمی دروست كردووە! ئەم ڕووداوە، وێرای ئەوەی یەكجار تایبەتی و خێزانی و كۆمەلآیەتییە، ڕووماڵكردنیشی هەزار ئەوەندە بێ ماناو بێ ئیتیك و نا پیشەییانە بوو، چونكە لە بنەڕەتدا ئەم ڕووداوە بەشێكە لە كێشە خێزانییەكان. بەشێكی زۆری میدیاكانی ئێمە، بە جۆرێك ئەم هەواڵەیان گواستەوە، كە هیچ ڕێز و ئەتەكێت و پیرۆزییەك و پێزانینێك بۆ خێزانی كوردی و دایك و باوكی من و ئەوانیتریش نەهێڵنەوە. لە كاتێ ڕووماڵی ئەم هەواڵە، من لەگەڵ دایكم و باوكم دانیشتبووم، كەناڵێكی ئاسمانی سەردێڕەكەی گوت لامبرد، وەك ڕێزێك لە دایك و باوكە تەمەن هەفتا ساڵییەكەم، كە نابێ لە ئامادەیی ئەواندا من گوێبیستی ئەم هەواڵە بێ مانایە بم، بۆیە كە ناڵەكەم گۆڕی بۆ یەكێكی تر، ئەویش هەمان سەر دێڕی هەبوو، یەكێكی دیكەیان بەهەمان شێوە! كاتێ زانیم ئەم هەواڵە لای میدیا نامیدیایەكانی ئێمە وەك ئەوەیە

هەنگوینیان لە کلۆڵە دار دۆزیبێتەوە، ئیدی بە بێ دەنگی و ئەسپایی چوومە دەرەوە، چونکە نەمتوانی لە بەردەم دایك و باوکم  گوێ لەو هەواڵە بێ مانایە بگرم.
بێگومان ئەم ڕووداوە، زۆر ڕێزپەرو نامۆ و نەگونجاوبوو بە ئاداب و نەریت و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و پێشتر ڕووینەداوە مەگەر لە کاری دوژمنایەتی نەبێت، کە ئەمیش ڕەفتارێکی دیکەی ناپەسند و نیشانەی قووڵبونەوەی خوێنڕشتنی زیاتر بووە، بەڵام بە ڕووماڵکردنی بەوشێوە فراوانە، ئیدی بە داخەوە کردەکە لەوچوارچێوە نامۆیەی خۆی هێنرایە دەرەوەو فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی و گشتی وەرگرت، وەك ئەوەی هەر کاتێك بشێ، ئەوا ژنان (لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆیان کە بە شەرمەوە ئەو قسەیە دەکەم) ئاسایی بێت  گەل و گون و ئەندامی زاوزێی پیاوەکانیان ببڕن !
واتا میدیا لێرەدا، لە سۆنگەی تێنەگەیشتنی لە ماهییەتی ڕووداو، ڕووماڵی هەواڵ، دێت ڕووداوێکمان لا دەکاتە ئاسایی کە بە درێژایی مێژووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و میللی کۆمەڵگەی کوردی نەك نامۆ بووە،

بگرە هەر بوونیشی نەبووە. کەواتا زەفکردنەوەی وێنەکە و ئەو هەموو بایەخ پێدانەی لەلایەن بەشێکی زۆری میدیاکانەوە( چونکە تێبینیم کرد هەندێکیان ڕوومالێیان نەکرد) ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری میدیاکانی ئێمە، لە پیشەییبوون و ماهییەتی هەواڵ و کاریگەریەکانی لە سەر کۆمەڵگە نەگەیشتوون، ئەمەش پەیوەندی بەوە هەیە کە وا دەزانن هەموو ڕووداوێك هەواڵە، لە کاتێکدا لە نێو ڕووداوەکاندا، پێشینەیی و مەوداوکاریگەریەتی هەواڵەکە لە سەر ڕای گشتی، دەبێ لە بەرچاو بگیرێت. وێرای ئەمەش دەبێ سرووشتی کۆمەلاٚیەتییانەی کۆمەڵگە، ئاکاری گشتی، داب و بەها کۆمەلاٚیەتییەکان لە بەرچاو بگیرێن، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەلاٚتی و کوردین و بەشێکی زۆری نەریت و بەهاکان لامان بوونەتە کولتوور. هاوکات ڕێز لە زمان و دەربڕینی زمانیش دەگرین، وەك ئەوەی بە درێژایی مێژووی کورد بوونی هەبووە. ئایا بڕینی چووکی پیاوێك لەلایەن ژنەکەیەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی گشتییەوە هەیە؟ زۆر بە ڕاشکاوی دەبێ ئەوە

بڵێین، کە ئەودەزگایانەی بە گرنگییەوە ڕووماڵی ئەو بە ناو هەواڵەیان کرد، لە بایەخ و جۆر و ناوەڕۆکی هەواڵ نەگەیشتوون، کە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی و بگرە کۆی کاری ڕۆژنامەنووسیشە، چونکە ڕۆژنامەنووسی هیچ نییە جگە لە ڕووماڵکردنێکی پیشەییانەی هەواڵ و بنکۆڵکاریی و ساغکردنەو بە شێوەیەکی پیشەیی و بێ لایەنانە نەبێت.

نموونەی سێیەم:

ساڵانە لە مانگی تشرینی یەکەمدا، فیستیڤاڵی هەنار لە شاری هەڵەبجەی شەهید و سەنگین بەڕێوە دەچێت. ئەم چالاکییە، چالاکییەکی جەماوەری بەرفراوانە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە خستنە ڕوو نیشاندانی بەرهەمی خۆماڵی و بە بازارڕکردنی کشتوکاڵی هەرێم، کە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا پێنگاڤی باشی ناوە، بگرە بەشێك لە بەربوومە کشتوکاڵییەکانی هەرێم لە شێوەی هەنار و هەنگوین و پەتاتە هەناردەی دەرەوەش دەکرێن! بۆیە ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە بە گرنگییەوە

لەلایەن میدیاکانەوە ڕووماڵ دەکرێن . لە فیستیڤاڵی ساڵی ڕابردوودا، خاڵێك کە بۆ من جێی سەرنج بوو ئەوەبوو، کەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی، هێندەی فۆکسیان لە سەر کچەکەی پارێزگاری هەڵەبجە بوو، هێندە ڕیکلامی خستنەڕووی ئەو بەرهەمەیان بۆ بازاڕەکانی ناوخۆو دەرەوە نەکرد. بە جۆرێك کە کچەکەی پارێزگار بووە ترێند و شوێنی هەنارەکانی گرتەوە، کە بەداخەوە لەوپەراوێزەشەوە کەسانێکی زۆر بە کۆمێنتی نەگونجاو، هەست و نەستیان بریندار کرد، وەك ئەوەی کەسانێك لە کۆمێنتەکان دەیاننووسی ئەم کچە چییە، هەر جوان نییە ! هەڵبەتە، ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی زەقی میدیای کوردییە، چونکە لە چالاكییەکی وەهادا، میدیا دەبێ فۆکسی لە سەر بابەتە گشتییەکە بێت. کاتێ وێنەی کچی بەرپرسێك زەق دەکەیتەوە، ئەوا بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، بەشدار دەبی لەو جیاوازییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان هەیە و بۆ خەڵکی مایەی خەم و ئازارە، چونکە کەسانێك دەپرسن بۆچی دەبێ هەر منداڵی

بەرپرسان ببنە پاڵەوانی شاشە؟ ئەم چالاكییە گشتی و نەتەوەییە پەیوەندی بە بوارێكەوە هەیە، كە ئەویش نیشاندان وبەبازاڕكردنی بەرهەمێكی خۆماڵییەو بگرە ناوی فیستیڤاڵەكەش هەر بە هەنار هاتووە، ئیدی دەكرا میدیای كوردی، وەك هەزاران كچی دیكەی جوان و سەلاری هەڵەبجە و كوردستانیش كە بەشداریان لە فیستیڤاڵەكە كردووە، مامەڵە لەگەڵ كچە سەلارەكەی پارێزگار بكەن و لە نێو ئەو هەموو كچانەدا تەنها وێنەی ئەو زەق نەكەنەوە، كە لە ڕاستیدا پێویستی بە ناساندن نییە، چونكە كەسێك كچی پارێزگار بێت، بێگومان پێویستی بەدەركەوتن و ناساندن نییە، چونكە هەمووان دەیناسن. میدیا دەبێ بە یەك مەودا، یەك تێڕوانین لە نێوان هەمووان بووەستێت و نابێ ببێتە مینبەرێك بۆ قووڵكردنەوەی جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی و پۆلێنبەندكرنی پلەبەندی كۆمەڵایەتییانەی تاكەكان، چونكە مینبەری هەمووانە.

**نموونەی چوارەم:**

**بەداخەوە ڕووداوەکانی کوشتن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بە جۆرێك زۆربوونە کە کەم ڕۆژ هەیە، لە بەیانییەکی زوودا، ئێمە گوێبیستی کوشتنی مرۆڤێك نەبین، کە هەندێ جار قەبارەی ئەو ڕووداوە هێندە گەورەیە، کە چەندین مرۆڤ بە یەکەوە لە چەند چرکەیەکدا بە یەکەوە دەکوژرێن، لە کاتێکدا گیاندارە دڕندەکان کاتی نێچیرێك ڕاو دەکەن کاریان بە ئەوانیتر نییە. ئەم ڕووداوانە بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە کێشەی میرات و زەوی زار و باغداری و بە پلەی دووەم کێشەکانی ترەوە هەیە و بە داخەوە هەر لەزیادبوونیش دان. بێگومان دیاردە تاوانکارییەکان لە هەموو کۆمەڵگەیەك بوونیان هەیە، بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشەوە، بۆیە تا مرۆڤایەتی ماوە، باسکردن لە ژیانێکی بێ تاوان وەهمە، بەڵام پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە، دەکرێ کوشتن وەك دیاردەیەك، بکرێتە چەقی هەواڵ؟ لە هەرێمی کوردستاندا، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، ڕووماڵێکی چڕی ئەم حاڵەتانە دەکەن، بە جۆرێك**

هێشتا خوێنی ڕژاوی کوژراوەکە، تەرمەکەی هەر لە نێو ماڵە، هێشتا کەس و کاری لە شۆکی دەروونیدان، پەیامنێرێکی نەزان، خۆی و مایکەکەی دەچێتە بەر دەرگایان و زانیاریان لێ وەردەگرێت. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕووداوە کۆمەلأیەتییەکان بەگشتی و کوشتن بە تایبەتی، ئەو پەڕی نەشارەزاییە و هاوکات ئەوەندەی تر زەمینەی قووڵبوونەوەی کێشەکان دەڕەخسێنێت و قووڵتری دەکاتەوە. هەڵبەتە لەوڵاتانی دنیادا، کوشتنی تاکە کەسێك هەرگیز نابێتە سەردێڕی هەواڵ، چونکە میدیای ئەو وڵاتانە و کۆمەڵگەکەشیان، هوشیاری سیاسی و کۆمەلأیەتی ئەوەیان هەیە، کە کوشتن هەر ڕوودەدات و دەبێ هەر ڕووش بدات، بۆیە گەر سەرنج بدەین، هیچ کاتێك باس لە کوشتنی کەسێك بە هەر ڕووداوێکەوە بێت ناکەن، تەنها ئەو کاتە باسی دەکەن، کە قەبارەی تاوانەکە گەورە بێت، وەك ئەوەی لە نەرویج و ئێرلەندا، چەند ساڵێك لە مەوبەر ڕوویاندا. واتا میدیاکانی ئەوێ، لە سەر بنەمای پەیوەندی گشتی بە کۆمەڵگە و مەترسییە کۆمەلأیەتییەکان، کوشتن

ڕووماڵ دەکەن. بە نموونە کاتێ کەسێك هەڵدەکوتێتە سەر قوتابخانەیەکی منداڵان، یان کەسێك نەخۆشیەکی دەروونی هەیە و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەکوژێت. کەچی لەلای ئێمە کەسێك لە سۆنگەی مەترێك زەوی وزار، کێشەی کۆمەڵایەتی، یان هەر ڕووداوێکی یەکجار کەسی و تایبەتی بێت گەر بکوژرێت، گەر تاوانباریش بێت دەکرێتە هەواڵ. بێگومان ئەم دیاردەیە، کە زۆرجار وەزارەتی ڕۆشنبیریی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەوڵی وەستاندنیان داوە، یەکجار پڕ مەترسییە. هەڵبەتە کاتێ پەیامنێرێك لە گەرمەی ڕووداوەکە دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە، دەبێ بای ئەوە هوشیاریی هەبێت، کە ڕووداوەکە گەرما و گەرمە وکۆتایی نەهاتووە ، ئەگەری مەترسی گەورەتری لێ دەکرێت، بەمەش ژیانی خۆی و خەڵکیش دەخاتە مەترسییەوە ! ڕەنگە کەسانێك بڵێن بایەخی هەواڵ لە گەرم و گوڕییەکەی دایە، بەڵام ئایا کوشتن، کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانییە، یان دیبەیت و دیمانەیە، کە دەماو دەم بگوزارێنەوە؟  ئەم وەڵامە بۆ خوێنەران جێدێڵین. بۆیە

نابێ لە گەرمەی ڕووداوەکە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگەنە ئەوێ. لەلایەکی دیکەوە هەر جۆرە ڕووماڵێك، دەبێتە دەستوەردان لە کاری پۆلیس و لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی، چونکە ئەمە کاری ئەوانە، بە پێی یاساش، هەموو کردەیەکی تاوانکاریی ڕێرەوێکی یاسایی و نهێنی دەبێ هەبێت و تەنها بە بڕیاری دادوەر، دوای تەواوبوونی هەموو پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە، زانیاریی لە بارەی تاوانەکە بدرێت. دیسانەوە ئەو بنەماڵەیەی کەسێکیان لێ کوژراوە، بێگومان لە بارێکی دەروونی ئاڵۆز و پڕ پشێویی و فۆبیا و دوودڵی دانە، ئەوەی کەمێك شارەزاشی لە بواری سایکۆلۆژی هەبێت، دەزانێت لەو دۆخە دەروونییانە هزر و بیرکردنەوە دەکەونە ژێر فشاری ئەودۆخە و بەمەش مرۆڤ دەکرێ هەڵەیەکی گەورە لە میانەی قسەکانیدا بکات کە ئەمەش زیان بەرێڕەوی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە دەگەیەنێت. هەر پەیوەست بەو ڕووماڵە، کاتێ بینەرێك دیمەنی شین و لە خۆدانی دایکێك و جەرگسووتاوی کەس و کاری کوژراوەکە دەبینێت، ناڕاستەوخۆ خۆشی دەکەوێتە

بارێکی دەروونی دژوارەوە بە تایبەتیش دایکان، چونکە هەستی دایکایەتی، ئازاری جەرگ سووتاوی، لە ناخەوە بریندداریان دەکا. هاوکات گواستنەوەی ئەو دیمەنانە بۆ منداڵانیش یەکجار نەرێنییە. جگە لەمانەش کاتێ میدیا بە بایەخەوە دیمەنێك، وێنەیەك و ڕووداوێك زەق دەکاتەوە و گەورەی دەکات، ئەوا بێ ئەوەی درکی پێ بکات کارەکە ئاسایی دەکاتەوە. دەکرێ لێرەدا نموونەیەك بهێنینەوە. بۆ نموونە: کاتێ میدیایەك باس لەوە دەکات کە لە قوتابخانەیەکدا، پەنجا قوتابی وازی لە خوێندن هێناوە، ئەوا گەر بەشێکی دیکە لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە گوێبیستی ئەو هەواڵە بن، ئەوا ئەوانیش هەمان ڕەفتاریان بە مێشك دادێت، چونکە ئەو کاتە ئەوان بیریان بۆ ئەوە دەچێت کە قوتابخانە نایانگەیێنێتە هیچ، یان شوێنێك نییە منداڵ خۆی لێ ببینێتەوە ! لەو سۆنگەیەوەش کاتێ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، بە بەردەوامی ڕووماڵی هەواڵی کوشتنی کەسەکان دەکەن، یانی تۆ کوشتن دەکەیتە کارێکی ڕۆتینی و ڕۆژانەیی یەکجار بێ مانا. من

چەندین ساڵە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە نابێ ڕووداوەکانی کوشتن لە میدیای کوردی ڕووماڵ بکرێن، چونکە لێ کەوتەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، دەروونی، کەسی و میللی یەکجار گەورەی لە سەر کۆمەڵگە لێ دەکەوێتەوە. وەك باسمان کرد، گەرچی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش زۆرجار بە نووسراو، میدیاکانی ئێمەیان لەو کارە هەڵەیە ئاگادار کردۆتەوە، بەلأم بەداخەوە ئەوان بەردەوامن، کە دەبێ بە یاسا ڕێگری لەمە بکرێت، چونکە لای ئێمە لە پەراوێزی ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە، ئیدی هەموو شتێك وەك هەواڵ دەبینین و ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، بە لۆژیکی هەموو سمێڵ سوورێك هەمزە ئاغایە، دەڕواننە هەواڵ ئەمەش پەیوەندی بەوناهوشیاریی و تێگەیشتنە هەڵەوە هەیە، کەوا دەزانین هەبوونی ئازادی، بە مانای گەڕەلاوژێ و دنیای بێ یاسا و سانسۆر، وەك ئەوەی لە مینبەری سۆسیال میدیاکانەوە دەبینرێت.

# پاشکۆ

**ئەم بابەتە پێشتر لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام باسەکە چونکە پەیوەندی بە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، ئیدی بە پێویستمان زانی وەك پاشکۆیەك لەو کتێبەی دابنێین.**

## یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پێویستی بە فگۆڕانکارییە

ف

سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی و دامەزراوەیی و پیشەیی، لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەتایبەتیش لە فراوانکردنی پەراوێزەکانی ئازادی و سەربەخۆیی تاك و گێڕانەوەی ماف دەبینن. بەو شێوەیەش هەمیشە ڕۆڵی چاودێرێکی بوێر بە سەر دامەزراوەی دەسەلأتەکان و سیستەمی سیاسی ولأت دەبینن، کە زۆرجار کار و هەڵوێستەکانیان دەبنە مایەی پەکخستنی ژیان و ڕاگرتنی هەموو جموجۆڵێك لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی داخوازی و مافەکانیان، وەك ئەوەی لە ولأتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکان دەبینرێت. لە هەرێمی کوردستاندا، هەزاران بە ناو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ، جەماوەریی و پیشەیی و چالأکوانان بوونی هەیە، کەچی کەمترین جێ دەست و ڕۆڵیان بە سەر ژیانی جەماوەریی و کۆمەلأیەتی و سیاسی کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە ئەو

ڕێکخراوانە لە بنەڕەتدا نە سەربەخۆن، نە پەیوەندییەکی ئەوتۆشیان بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە، بەڵکو کار و ئامانجەکانیان لە هەندێك کاری سادە و ڕووکەش و میللی کورت دەکەنەوە، وەك ئەوەی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژنان، خولی دوورمانی، چێشت لێنان، چۆنیەتی دروستکردنی شیرینی بۆ ژنان دەکەنەوە و جارێکی دیکە ڕەوایەتی لە ژێر شوناسێکی مەدەنیانە، بەو ئەقڵە میللی و خێڵەکی و جەماوەرییانە دەدەن، کە ژن و موبەق لە یەك جیاناکاتەوە و ژنی هەرە داهێنەر و دەسترەنگین ئەو ژنەیە، کە چێشتەکانی خۆش بن ! هەر ئەمەشە خواستی سەرەکی پیاوان بە گشتی لە چواردیواری ماڵدا.
من نزیکەی سی ساڵە مامۆستام، بۆ ساڵانێکی زۆر ئەندامی یەکێتی مامۆستایان بووم ( ئێستا بە شانازییەوە هەشت ساڵ دەبێت وازم لە ئەندامیەتی ئەو ڕێکخراوە هێناوە) بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، لە بەرانبەر ئەو هەموو بێ مافیەی مامۆستایان، دواکەوتنی مووچە، ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە ، کەچی بۆ یەك

جاریش نەمبیست ئەو ڕێکخراوە داوا لە مامۆستایان بکات، دژی حکومەت و دەسەلاّت خۆپیشاندانێکی هێمنانە بکەن و داوای مافەکانیان بکەن ! ئەوەشی کراوە لە ڕێگەی لیستی مامۆستایانی پیشەیی حزبی شیوعی ، یان ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی بووە، کەواتا هەبوونی یەکێتی مامۆستایان جگە لە گرانی لە ڕووی بودجە و بێ بایەخکردنی کاری ڕێکخراوەیی هیچی ترە؟ لەو ڕوانگەیەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، یەکێکە لەو ڕێکخراوە پیشەییانەی نموونەی ناسەرکەوتوویی، پەرتەوازەیی، نەبوونی ڕۆڵی سەندیکایانەیە لە هەرێمی کوردستان. ئەو سەندیکایە، نەقیبەکەی لە بەریەك بوو، جێگرەکەشی تا ئەو ساتەی (وازی لە یەکێتی نەهێنابوو) لە بەرەیەکی دیکەبوو، لقێکیان هەیە لە سلێمانی، بەرپرسەکەی بۆ خۆی حاکمی بەڕ و بەحرە و نە گوێ بە نەقیب، نە گوێ بە جێگرەکەی دەدات و چی ویست ئەوە دەکات، بگرە هەر بۆخۆیان سەندیکایەکی سەربەخۆن ! هەریەکەیان جۆرە هەڵوێست و بەیاننامەیەك لە هەنبەر پرس و

ڕووداوەکان، بە بارگاویکردنیان بە ئایدۆلۆژیای حزبی دەردەکەن. لە کاتێکدا دەبوو ئەم ڕێکخراوە، لە ڕووی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی و پیشەیی لە کاری (مایك بەدەستەکان) هەڵوێست و سەربەخۆبوون، داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسانی زیندانیکراو، ماف پێشێلکراو، پێشەنگ بێت. دەبوو نەك هەر کاری حزبی و سیاسی ڕەت بکاتەوە و جیای بکاتەوە لە کاری پیشەیی، بەڵکو دەبوو پەراوێزەکانی ئازادی نووسین و رادەربرین ، ڕووماڵکردنی هەواڵ و بەدواداچوونەکان هێندە فراوان بکات، حکومەت بوێری ئەوەی نەبێت سنوورێکیان بۆ دابنێت. ئەم سەندیکایە، یاسایەکی هەیە کە لە چەندین برگە و ماددە پێکهاتووە، بەڵام گەر بە وردی لە ڕووی پەیڕەوییەوە، هەروەها شرۆڤەی چەمکی و یاساییەوە بڕوانینە پەیڕەوەکە، ئەوا چەندین کەموکورتی گەورە و چەمکی لاستیکی و نا ڕوونکراوە دەبینین، بە جۆرێك کە مرۆڤ نازانێت مەبەست لەو بڕگانە چییە؟ چونکە وەك پێویست ڕوونکردنەوەی چەمکییان بۆ نەکراوە و سیفەتەکەیان لە ڕووی پیشەیی

و کار و بواری ڕۆژنامەنووسییەوە، نا ڕوونە و بگرە بە جۆرێك لە جۆرەکان یاساکە، دەروازەیەکە بۆ ئەوەی بەلێشاو خەڵك خۆی بکاتە ڕۆژنامەنووس و کاری ڕۆژنامەنووسی بێ بەها و بێ ئەرزش دەکات. سەرەتا گەر لە سەر پێناسەی ڕۆژنامەنووس بووەستین و لە پەراوێزی یاساکەوە کەسیەتی ڕۆژنامەنووس لە ڕووی پیشەییەوە دەربخەین، ئەوا لە یاساکەدا لە ماددەی یەکەم و لە برگەی پێنجەمدا ڕۆژنامەنووس بەو شێوەیە دەناسێنێت کە ( ڕۆژنامەنووس هەرکەسێکە کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن کار دەکات) (1) بێگومان ئەم پێناسەیە، ئەم دیاریکردنە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی، خۆی لە خۆیدا بێ ئەرزشکردن و بێ بەهاکردنی کاری ڕۆژنامەنووسییە، چونکە دەربڕینی (هەر کەسێك) ڕەوایەتیدانە بە شێوەیەکی جەماوەری و میللی بۆ کاری ڕۆژنامەوانی کە بەداخەوە ئەو دەرهاوێشتە و گەڕەلاوژێیەی لێ کەوتۆتەوە، کە تەنانەت ڕۆژنامەنووسی وا هەیە دەڵێت: ( بە خۆشحاڵییەوە تەرمی ناوبراو دۆزرایەوە) لە کاتێکدا

ڕۆژنامەنووس بەر لەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی بکەوێتە نێو کاری مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە، دەبێ باکگراوەندێکی گەورە و چەندین سیفەتی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری هەبێت وەك ئەوەی دەبێ زمانزان، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوان، بوێر و مەیدانی و چاو نەترس، هاوکات ئیتیکی ئەو کارە بە وردی بزانێت و شارەزا بێت. نەك ئەوەی هەر کەسێك کە هاتە دەزگایەکی ڕاگەیاندن، ئیدی ڕۆژنامەنووس بێت. خۆ کاری ڕۆژنامەنووسی خولی دوورمان و زمان نییە تا هەرکێ مەبەستی بێت بتوانێت تیایدا بەشداربێت و فێربێت ! ڕۆژنامەنووسی، بوارێکی فەرهەنگی و کولتورییە، پەیوەندی بە لایەنی زماننناسی، ڕۆشنبیریی و هزری و فەرهەنگییەوە هەیە ! جێگەی داخە ئەم جۆرە لە بە عەوامکردنەی کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەن سەندیکاوە، زەمینەیەکی هێناوەتە ئاراوە، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا خەڵکی بە خۆشی و توانجەوە بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێن مایك بە دەست !! بەو مانایەی هەزاران کەس دەستیان داوتە ئەو بوارە کە

سەرەتاییترین، کەمترین زانیاریی و سیفەت و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیان تێدا نییە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە سەندیکا بەو پەیڕەوەی جیاوازی لە نێوان ڕۆژنامەنووسێك، لەگەڵ شوفێری نووسینگەیەکی ڕۆژنامەنووسی، مۆنتێر و کامێرامانێك نەهێشتۆتەوە و هەمووان بە ڕۆژنامەنووس دەناسێنێت کە ئەمەش هەڵەیە، هەرچەندە پێوەرێکی نێودەوڵەتیشە، چونکە ڕۆژنامەنووسێك کە کاری مەیدانی بە نموونە لە نێو جەرگەی شەڕێکی گەورە و بێ ئامان دەکات و هەواڵی بەرەکانی شەڕ ڕوومالّ دەکات و چرکە بە چرکە لە چاوەڕوانی مەرگدایە، زۆرجیاوازە لەگەڵ کامێرامانێك، مۆنتێرێك کە لە نێو ژوورێك و دوور لە هەموو جۆرە مەترسییەك کاری هونەری دەکات ! بۆیە دەبوو سەندیکا، ڕۆژنامەنووسی مەیدانی لە نامەیدانی جیا بکاتەوە و پلەبەندییەك دابنێت لە پەراوێزی ئەرك و کار و ڕۆڵیان لە دنیای ڕۆژنامەنووسیدا. لە ماددەی چوارەم، بڕگەی یەکەمدا، سەندیکا مەرجەکانی بۆ کاری سەرنووسەرایەتی بلاّوکراوەیەك دیاری کردوون، بۆیە

لەو بڕگەیەدا هاتووە:_( دەبێ ڕۆژنامەنووس بێت، زمانی ڕۆژنامە بە نووسین و خوێندنەوە بزانێت ) (2). لە ڕاستیدا، مەرجێکی وەها سادە و ساکار، بۆ کارێکی گەورە و پڕ بەرپرسیاریەتی وەك سەرنووسەری ڕۆژنامە، زۆر سەیر و بچووك و بێ هێزە. مانای چییە بزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت؟ ئایا ئەوەندە بەسە؟ مەگەر سەندیکا نازانێت (سەرنووسەری ) هەر بلاْوکراوەیەك، کارێکە هەلگڕی چەندان بەرپرسیاریەتی نیشتمانی، کۆمەلاْیەتی، فەرهەنگی، ئەمنی و نەتەوەییە؟ مەگەر سەندیکا درکی بەوە نەکردووە، کە سەرنووسەر دەبێ ئینسکلۆپیدیایەك بێت بۆ خۆی؟ دەبی زمانزان و باکگراوەندیکی گەورەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی هەبێت؟ سەرنووسەر وەك فلتەری ڕۆژنامە وایە، هەر هەواڵێك، وشەیەك، هەڵەیەك بە سەر هەمووواندا تێ دەپەڕێت، لەلای ئەو دەمێنێتەوە و وەك بەربەستێکە لە بەردەم هەر هەڵەیەکی واتایی، زمان و ڕۆژنامەنووسی. بۆیە سەرنووسەر نەك هەر دەبێ چەندین خەسڵەتی گرنگی هەبن، بەڵکو دەبێ زۆر بە

تواناو پڕ مەعریفە و ڕۆشنبیریش بێت لە هەموو بوارێکەوە، بۆ ئەوەی لە کوێ هەڵەیەك لە ڕۆژنامەکەدا بە سەر هەمووان تێپەڕی، ئەو ببینێت و نەهێڵێت لە فلتەرەکەی دەرچن ! هەر لە یاسای سەندیکادا، ماددەی شەشەم، بڕگەی یەکەم ، لە بارەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی لە سەر کەسێك، ئەوا کەسەکە بۆی هەیە وەڵامی هەواڵ و زانیارییەکە بداتەوە بە مەرجێك ( وەڵامەکە لە هەمان جێ، بە هەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە هەواڵەکەی پێ بڵاوکراوەتەوە، بڵاوبکاتەوە)(3) پێ دەچێ سەندیکا، وەڵام و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی بە حونجەکردن زانیبێت ! هەر بۆیە مەرجی ئەوەی داناوە، کە وەڵامەکە بە هەمان قەبارە و پیت و لە هەمان شوێن بێت . بە هەمان پیت مانای چییە؟ مەگەر هەواڵێك بە کوردی لە سەر کەسێك بڵاوبکرێتەوە کەس بە ژاپۆنی وەڵامی دەداتەوە؟ ئەگەر مەبەستیشیان فۆنتی هەواڵەکە بێت، ئەوا ئەوەشیان پێویست نییە، چونکە ناوەڕۆك لە نووسیندا گرنگە نەك فۆڕم، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە هەمان

**قەبارە ماناى چييە؟ ئاخۆ هەر كەسێك ڕۆژنامەنووسیش نەبێت، ئەوە نازانێت كە هەرگیز وەڵام و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی و ڕاستكردنەوەی ناوەڕۆكی هەواڵ و بابەتێكی بڵاوكراوە لە سەر كەس و دەزگایەك، بە هەمان پیت، فۆنت و قەبارە و لە هەمان شوێن نابێت؟! چونكە ئەمە پەیوەندی بەلایەنی زمان و دارِشتن، ڕەهەندی واتایی وەڵامەكەوە هەیە و كە زۆرجار چەندین وردەكاری، بەڵگە و ئەرگۆمێنت پێویستن تا بۆ ڕای گشتی ڕوونبكرێنەوە! بۆیە من زۆر بەلامەوە سەیرە، سەندیكا یاسایەك دەربكات كە مەبەستی هەر دەركردنی یاسایەك بێت، نەك لە ڕووی برگە و ماددە و لایەنی واتاییەوە شرۆڤەی بۆ بكات. وەڵام و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی، ڕەهەندی واتایی، ئاماژە و دەلالەتی گەیاندن لە خۆ دەگرێت، بۆیە ئەم وردەكارییانە لە ڕووی زمانەوە ئەوە دەسەپێنن كە هەرگیز نەتوانرێت هەواڵێك، بە دواداچوون و وەڵامێكی ڕۆژنامەوانی لە ڕووی پیت و دارِشتنەوە لە بۆتە بدەیت، كە لە ڕاستیدا مەبەست لێی بەرتەسككردنەوەی**

سنوورەکانی ئازادی ڕادەربڕینە. لە بەشی پێنجەم، ماددەی هەشتەم خاڵی چوارەمدا هاتووە:_( نووسین و بڵاوکردنەوە لە سەر کارەکانی فەرمانبەرێك کە ڕاسپێردراوە بۆ خزمەتی گشتی تاوان نییە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەرکی فەرمانبەری و خزمەتی گشتی دەرنەچێت ) (4) سەندیکا لێرەدا، بە سیاسەتێکی دوالیزمی لە شێوەی ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ لە ناڵ و لە بزماریش بدە، مامەڵە دەکات و ناڕاستەوخۆ سانسۆری کاری ئازادی ڕۆژنامەوانی، دەرخستنی گەندەڵی دەکات و بەربەست لە بەردەم سەربەخۆبوونی کاری ڕۆژنامەنووسی و بوێرییانەی ڕۆژنامەنووسان دادەنێت ! بێگومان دەبێ بزانین فەرمانبەری سیفەتێکی کارگێڕی گشتییە، فەرمانبەر لە چوارچێوەی کاری وەزیفی خۆیدا، وەك فەرمانبەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پەیوەندی و کارەکانی بە سیفەتی خزمەتی گشتی دەبینرێت، بۆیە کاتێ ڕۆژنامەنووسێك سەرپێچی و لادانێك، گەندەڵی فەرمانبەرێك وەك هەواڵ ڕووماڵ دەکات و ئەرگۆمێنتی پێویست لەو بارەوە دەخاتە ڕوو،

ئەوا لێرەدا ڕۆژنامەنووس کارێك دەکات دەچێتە دەرەوەی خزمەتی گشتیی فەرمانبەرەوە کە خراپ سوودی لە پۆست و پایەکەی وەرگرتووە. ئیدی نازانم ڕۆژنامەنووس چۆن دەتوانی بە خۆپارێزییەوە کار لە سەر لادانی کارگێڕیی، گەندەڵی و خەوشەکانی کاری فەرمانبەرایەتی بکات، ئەگەر هەر لەو سنوورە مایەوە کە سەندیکا پێی وایە خزمەتی گشتییە و نابێ ڕۆژنامەنووس زانیاریی لە بارە بلاْوبکاتەوە؟! ئەمە وەك ئەوە وایە ڕۆژنامەنووسێك بە فەرمانبەرێك، یاخود بەرپرسێکی گەندەڵ بڵێت ( گەرچی دەزانم گەندەڵێکی گەورەی بەلاْم هەواڵەکە ڕوومالْ ناکەم !) چۆن ڕۆژنامەنووس دەتوانێت لە نێو کاری گشتی و فەرمانبەریدا کاربکات و بێ لایەنی و سەربەخۆیی و پیشەییبوونی خۆشی ون بکات؟ یاخود ئازادی ئەوەی نەبێت هەموو زانیارییەك بخاتە ڕوو بە پاساوی خزمەتی گشتی و بەرژەوەندی گشتی، کە دوو لەو چەمکە داسەپاو و لاستیکییانەن کە لە ڕاستیدا بەرهەمی دەسەلاْت و بەرژەوەندی گشتی حزبییانەن،

نەك گشتی و نیشتمانیانە ! خزمەتی گشتی و بەرژەوەندی نیشتمانی، دوو لەو چەمك و دروشمە فریودەرانەن، کە دەسەڵاتی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك پاساوی ئامادە بۆ سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین، سەربەخۆیی کاری ڕۆژنامەنووسی و کاری جەماوەریانەش، بەکاریان دێنێت و سوودی لێ دەبینێت لە پێناو سنووردارکردن و خەفەکردنی هەموو کارێکی ئازاد و دژە دەسەڵات ، کەچی سەندیکاش دێت بێ ئاگایانە لە بری ئەوەی ئەو دوو چەمکە دابڕێژێتەوە، دێت لە پەراوێزی ئەو یاسایەدا، ڕەوایەتی زیاتریان پێ دەدات و ڕۆژنامەنووسان دیل و سندم دەکات و ناهێڵێت ئازادانە کاربکەن، کە ئەمە بە ڕوونی لە برگە و ماددەکانی نێو ئەم یاسایە دیارە. خەوشێکی دیکەی نێو ئەم یاسایە لە ماددەی نۆیەمدایە، کاتێ مەرجەکانی سزادان و غەرامەکردنی سەرنووسەر و ڕۆژنامە و بلاوکراوەکان بە برێك پارە دیاری دەکات لە ئەگەری بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی  کە زیان بە ئاسایشی گشتی دەگەیەنن، یان ئاشتەوایی کۆمەلایەتی تێك

دەدەن، یان سوکایەتی بە ئایین دەکەن، یان بابەتێك زیان بە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەی دادگا بگەیەنێت. لەو حاڵەتانەدا، سەرنووسەری بڵاوکراوەکە غەرامە دەکرێت بە بڕێك پارە لە نێوان ( یەك ملیۆن تا پێنج ملیۆن دینار ) دەبێت، بەلاَم ئەو بڵاوکراوەیەی سەرپێچی لەو خالاَنە کردووە، کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەم کە لە ڕێساکانی بڵاوکردنەوە هاتوون، ئەوا ڕۆژنامەکە بە بڕی (پێنج ملیۆن تا بیست ملیۆن دینار ) سزا دەدرێت ! بێگومان دیاریکردنی ئەو سزا قورسە لە ڕووی ماددییەوە بۆ ڕۆژنامە، خۆی لە خۆیدا بەرتەسککردنەوەی بواری ئازادی چاپ و بڵاوکردنەوە و کاری ڕۆژنامەوانی ئازادە، چونکە هەمووومان دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا، تەنها ڕۆژنامە ئازاد و سەربەخۆکان هەواڵی ئازاد و تایبەت بە گەندەڵی و لادانی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و خەوشەکانی دەسەلاَتی کوردی بڵاودەکەنەوە ! ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسی ئازاد بواری ئەوەی نەبێت ئازادانە کاربکات. بۆیە سەندیکا ئەو سزا قورسەی بۆ

ڕۆژنامەکان دیاریکردووە. گریمان ڕۆژنامەی ئازاد گەر سپۆنسەرێکیشی هەبێت، بەلاّم بیست ملیۆن دینار لە کویّ بێنێت، تاکو وەك سزا بیبژێرێت کاتێ گریمان هەواڵ و بابەتێکی بەدەر لەو خالاّنەی بلاّوکردەوە، کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمی یاساکە هاتوون؟! هەمووومان دەزانین ڕۆژنامە ئازاد و سەربەخۆکان، ئۆرگانی حزبی نین، تا پارەی هەڵڕێژراویان هەبێت، ئیدی دیاریکردنی ئەو هەموو سزاو ڕێسایانە بۆیان مانای چییە، جگە لە سنوردارکردنی کاری ئازادانەی ڕۆژنامەوانی و فراوانکردنی ڕۆژنامەنووسی حزبییانە نەبێت، کە پیّ دەچێت سەندیکاش هەر ئەوەی بوێت؟! سەبارەت بە دەرکردنی ڕۆژنامەش، ئەوا لە ماددەی سێیەم و لە بڕگەی دووەم هاتووە :( دەشیّ هەر خاوەن بەرژەوەندییەك لە دەرکردنی ڕۆژنامە نارازی بێت ) ئەمەشیان لە ڕووی واتاییەوە ناڕوونییەکی زۆری تێدایە. خاوەن بەرژەوەندی کێیە؟ بەرژەوەندییەکە گشتییە یان تایبەتی؟ بۆچی دەبیّ هەر کەسێك هەستی کرد دەرکردنی ڕۆژنامە زیان بە بە بەرژەوەندییە

تایبەتییەکانی دەگەیەنێت، ئەوا ناڕازی بێت و لە دادگا بە یاسا ڕێگە لە دەرکردنی ڕۆژنامە بگرێت؟ مەگەر ئازادی و پەراوێزەکانی ئازادی لە کۆمەڵگە بەهادارتر و گرنگترن، یان بەرژەوەندی خاوەن کارو ئیشێك کە تەنێ دەسکەوتە تایبەتییەکانی خۆی بەلاوە مەبەستە؟ لە ڕاستیدا ئەمەش ڕێگریەکی دیکەیە لە کاری ڕۆژنامەوانی. دواجار دەڵێم ئەم یاسایە، پێویستی بە هەموارکردنەوەیە کە بە جۆرێك بێت لە خزمەت کاری فرۆژنامەنووسی بە تایبەتیش ئازاد دابێت.!

ف

ف

ف

ف

⋆ئـەم بابەتـە لـە هەفتەنامـەی ڕێگـای کوردسـتان ژمـارە ف(1208 ) لە 2025/4/29 بلاْوکراوەتەوە.

ف

ف